# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**(خالید دلێر) و (تایەر تۆفیق)**

خالید دلێر نووسیویەتی(١):

کاک تایەر تۆفیقی هونەرمەند دوو مەقامی، یەکەم: (حیجاز - کە لە کۆیە بە هۆی هۆنراوەکەیەوە بە «نیوەشەو»ناسراوە)، لەگەڵ مەقامی: (مەحەبیەر - کە لقێکە لە مەقامی بەیات و ئەمەیشیان بە هۆی هۆنراوەکەیەوە لە کۆیە بە مەقامی (ئەی لێ زاڵم)(٢) ناسراوە. تایەر تۆفیق ئەم دوو مەقامەی تۆمارکردووە، لە هەندێ جێگای هەردوو مەقامەکەدا، بە نیازی چاکەکردن دەسکاری لە هۆنراوە فۆلکلۆرییەکاندا کردووە و مانای ئەو جێگا دەستکاری کراوانە لە دەست دراون، یان لە نرخی هۆنراوەکانی کەم کردوونەتەوە، لە مەقامی یەکەم (حیجاز - نیوەشەو)دا کۆپلەیەکی تەواوی لێ تۆمارنەکردووە.

خاڵە خالید دلێر دواتر دەنووسێت:

بۆ ئەوەی خوێندەوار ئەو دوو مەقامە بناسن و بزانن کە ئەوانە و گەلێک مەقامی دیش، کە هەر لە هەمان ماوەی مێژوویدا سەریان هەڵداوە، کە ئەو دوو مەقامەی تێیدا دەرکەوتوون، چۆن و لە چی بارودۆخێکی کۆمەلایەتییەوە، لەچی سەرچاوەیەکی هونەرییەوە داهێندراون و لە مانای هۆنراوەکانیاندا: تاموچێژ و بۆن و بەرامەی ڕەسەنی خۆیان و لە ئاوازەکانیاندا: زرنگە و خرنگە و دەنگ و سۆز لەرانەوەی هەوەڵێنی خۆیان(٣)، وەربگرن وبێتە گوێ. خالید دلێر دواتر دەنووسێت: خستنە بەر چاوی ئەم کورتەیەی خوارەوە لە بارەی (مێژووی هونەری کۆیە)، وەکو ڕێگا خۆشکردنێک بۆ ئەو مەبەستانە، بە پێویست دەزانم:

لە مرۆڤی سەرنج و هەست ورد و ناسک دەوەشێتەوە،



**خالید دلێر**

له کاتێکدا که مێژووی ئاسایی نەتەوەیەکی بێگانە دەخوێنێتەوە، یان بۆی دەگێڕدرێتەوە، تا ڕادەیەکی باش زۆر لایەنی باس نەکراوی ئەو ماوە مێژووییەی ئەو نەتەوە بێگانەیە، بۆ نموونە: وەکو لایەنی هونەری و ئابووری و..تاد، دەرک پێ بکات، چ جای ئەوەی مێژووەکە هەر خۆی مێژووی هونەر بێ و لە هونەری بەشێک لە نەتەوە و وڵاتەکەی خۆیشی بدوێت؟ هەروەک ڕوونە لایەنەکانی ژیان هەموویان پێوەندییان بەیەکەوە هەیەو زانینی هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان، تیشک و ڕووناکی دەخاتە سەر لایەنەکانی دیکەش، ئەمە شێوازی لێکۆڵینەوە و گۆڕج و گۆڵی زانستییانەی ئەم سەردەمەیە.

وەکو ڕوونە هەر نەتەوەیەک (هونەر - بەمانای هەرە فراوان)ی تایبەتی خۆی هەیە، کە وڵاتە تایبەتییەکەی: ئاو و هەوای، باری جیۆلۆجی و جوگرافی وچۆنییەتی ژیانی ئابووری و گوزەرانی نەتەوەکە و باری کۆمەڵایەتی و زۆران و ململانێی نێوانیان و پاش ئەوانەش، ڕەخسانی زەوق و سەلیقە و هەست و ئارەزووی تایبەتی نەتەوەکە دەستی هەرە کاریگەر و دروستکەریان لە دروستبوونیدا هەیە و هونەرەکە وەکو هونەرێکی گشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە هونەری نەتەوە دراوسێکانیان جودا دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا هەر هەرێمێکی جوگرافی لە هەمان وڵاتدا، بە هۆی هەندێک تایبەتی خۆی، کە بارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی جودا لە هی هەرێمەکانی دیکەی دەوروپشتی خۆی، لە چوارچێوە تایبەتییە گشتی و فراوانەکەی سەرجەمی هونەری نەتەوەکە، تایبەتییەکی بچووکتری، تەسکتری، (خود)تری خەڵکی ئەو هەرێمە دێنێتە کایەوە، کە کەسایەتی و پێناسی خۆی لە ناو هونەری نەتەوەکەدا لە هونەری تایبەتی هەرێمەکانی دیکەی ئەو وڵات و نەتەوە، جودا دەکاتەوە.

وەکو ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەبینین، یان ڕاستتر بە گوێی خۆمان دەبیسین، کە هونەری گۆرانی هەرێمەکانی: (لوڕ) و (موکری) و (کۆیە) و (هەولێرو دەوروپشتی) و (کرمانجی ژووروو) و (گەرمیان) و (هەورامان) و....تاد، لە یەکدی جیان و تایبەتی خۆیان تێدایە و هەر هەمووشیان لە ناو چوارچێوەی فراوانتر و گەورەتر و خۆشتری (هونەری کوردی)دا یەک دەگرنەوە.

شاری کۆیەش پتر لەبەر ئەوەی کە لە دەمێکەوەیە شارە، لە ڕۆژگارێکی دێرینەوە ناوچەو مەڵبەندی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و هونەر و ئەدەبی کوردی بووە، لە هەموو کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە و کەڵکیان پێ بەخشیوە و کەڵکیشیان لی دیوە و ئیشوکار و فرمانی خۆیان تێدا ڕایی کردووە.

ئەم بەیەکەوە ژیانە دوور و درێژەی خەڵکی شارەکە، لە زۆر ڕووەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە ناو یەکدا تواندووەتەوە و جۆرە یەک بوون و تەبایی و لەیەک نزیکی و خزمایەتییەکی لە زۆر ڕووەوە: لە ڕووی سەلیقە و ئارەزوو و هەستی هونەری و وێژەیشەوە، لە ناویاندا دروست کردووە و شێوە و ڕوخسار و تاموچێژێکی تایبەتی بە هونەر و ئەدەبەکەی داون. بە تایبەتی هونەری گۆرانی کە بەئاشکرا شێوە ناوچەییەکەی خۆی پێوە دیارە و بەمە لە شێوە و تام و بۆن و بەرامەی گۆرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان جیادەکرێتەوە.

ئەو گۆرانی و مەقامانەی لە کۆیە سەریان هەڵداوە و سەر هەڵدەدەن، لە هی هیچ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ناچن، لە هی (ناوچەی سابلاغ و موکریان نەبێ!) کە هەندێک جار، جۆرە لەیەک چوونێک، یان تەرزە تاموچێژێکیان لە یەک دەچێت، کە ئەمەش بۆ هۆیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دێرین دەگەڕێتەوە و تا ڕۆژگار، پتر بەسەر شاری کۆیەدا بڕوات و تێپەڕێت، تایبەتییەکەی خۆی و بە هونەری هیچ لایەک نەچوونەکەی خۆی پتر تێدا سەر بەرز دەکاتەوە، ئەوە بەو مەرجە کە ڕێگەی گەشەکردنی لە بەردەمدا هەبێت.

ڕۆژگارێکی دوورودرێژ، کۆیە مەڵبەندی بازرگانی و پیشەسازی و ئاڵوگۆڕکردن و بازاڕێکی گەورەی ئابووری و کاڵای کوردستان بووە، لەبەر گەلی هۆ چەشنە هێمنی و بەیەکەوە ئیدارەکردن و هەڵکردنی دوو چینە

کـــۆمـــەڵایەتیـــیـــەکـــەی دەرەبەگ و بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی بەخۆیەوە دیوە و زۆرانەکە هەر لە نێوان هەژارەکە لە سەرێک و ئەم دووچینە لە سەرێکی دیکەوە بووە و بەرادەیەک کـز بووە کـە هەژاران و کـولاندنی سەرانسەری کۆمەڵی لە توانادا نەبووە، بۆیە ئەم دوو چینە و پیاوانی ئاینییش لە کۆیە، لە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەییدا ژیاون و تێشییاندا هەڵکەوتووە کە هاندەری پێشکەوتنی هونەری گـۆرانی و شـیـعـر بوونە.(٤)

لەو ڕۆژگارە دوور و درێژەدا گۆرانیبێژی داهێنەر و بە توانا لە کـۆیە سـەریان هەڵداوە گـەلێ لە مـەقـامـە ڕۆژهەڵاتییـەکـانیـان، وەکو: حیـجـاز، بەیات، چارگا و..تاد، شـیـتـەڵ کـردووەتەوە و بە زەوق و سـەلیـقـەی کوردانە، کە ئەمـەش لە سروشتی کوردسـتـان و هەمـوو لایەنەکانی ژیانی سەردەمەوە ڕسکاوە، دەسکاری کردووە و دروست کردووەتەوە و دارشتووەتەوە و بە دەیان بەستە و گـۆرانیـیـان لەو مـەقـامـە تازە و دارێژراو و تازە دروستکراوانەوە هەڵێنجاوە و داناوە و ئەم ئەرکە گران و وەستایانەی ئەو هونەرمەندانە، هەندێکیان دەماودەم بە ئێمە گەیشتوون و بێگومان هەندێکیشیان لە ناوچوون و لەوانەیە، ئەوانەی کە بە ئێـمـەش گـەیشـتـوون، بە هۆی ئەوەوە کـە دەمـاودەم هاتوون، گـۆرانیـان بەسـەر ئاواز و شیعرەکانیشدا هاتبێت و کرابێت.

ماوەی بە خۆنازینی شاری کۆیە، وەکو مەڵبەندێکی بە پێـز و دەسـەڵاتداری تایبـەتی دیار و ئاشکرای هونەری گۆرانی کوردی، لە مێژوویەکی دێرینەوە دەست پێدەکات کە ساڵ و دەیان ساڵـیشی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبـەتی دوور و درێژ نەبێ، دیاری ناکرێت و درێژەی کێشـاوە، هەتا دەیەی چلەکان و پەنجاکـانی ئەم سەدەیەشـمان(٥) دەسـتنیشـانکردنی ئەو سـەردەمـە مـێـژوویـیـە بۆ ئەوە پێویست بوو، بە تایبـەتی مـاوەی نزیکی سەردەمـەکە لە خـۆمـان، واتا ناوەڕاستی ئەم سـەدەیەی خـۆمـان(٦) کە خوێندەوار بزانێت، نووسەری ئەم وتارە(٧)، سەردەمێک لە تەمـەنی هەرزەکـاری و لاوێتی، لە نـاو ئەو مـەڵبـەندە هونەرییەدا ژیاوە و بەسەر بردووە. جگە لەمە وەکو خاوەن ئارەزوویەکیش، هەوڵی فێربوونی مەقام و گۆرانییەکان و خۆڕاهێنان بە گوتنیانەوە داوە و لەگەڵ زەوق و سەلیقەی هونەرە تایبەتییەکەی کۆیەدا ژیاوە و تاموچێژی چەشتووە و دەیانناسێ. بەم هۆیانەوە لە خۆی ڕادەبینێ کە لە بارەی مەقـام و گۆرانیـیـەکـانی ئەو ناوچەیەوە قسـەبکات و لە دەمـێکیـشـەوە هەندێک تێـبـینی و بۆچوونی تایبـەتی وەهای لە بارەیانەوە هەیە، بە تایبـەتی لەسـەر ئەو دوو مەقامەیان کە کەس دەری نەبڕیوە.

خاڵە خـالیـد دواتر دەنووسـێت: لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٧)دا دەستم بە نووسینی کتێبی «شیعری گۆرانی کوردی» کرد و وا بزانم لە کۆتایی مـانگی ئابدا بوو، لە نووسینی بوومەوە. هەندێ تێبینی کە لە بارەی هۆنراوە فۆلکلۆرییەکەی مەقامی (نیوەشەو)ەوە هەم بوو لەوێدا، لە پێش مـەرگی کـاک (تایەر)دا، دەرم بڕیبوو، بەڵام لە بارەی مەقامـەکەی دیکەیان (ئەی لێ زاڵم) ئەمە یەکەم جـارە لە بـارەیەوە دەنووسم، وابزانم نەخـتێ لە باسـە سەرەکییەکە دەرچووین، با بۆ ئەوێ بگەڕێینەوە.

لەو کـاتەدا کـۆیە گـۆرانیـبێـژی دەنگ خـۆش و باشی، (لاو) یان (کامڵ)ی زۆری تێدابوو، کە لە گوتنی هەموو بەسـتـەکـانی دەورووپشت، دەسـەڵاتی باشـیـان دەنواند و هەریەکەشیان لە گوتنی چەند مەقامێکدا، وەستایی، یان شارەزایی دەردەخست. تێشیاندا هەبوو لە گوتنی هەموو مەقامەکاندا وەستا، یان بە توانابووە.

لە هەموو گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە، بە تواناتر و دەنگ خۆشتر دووان بوون، هونەرمەندانی گەورە (تایەر تۆفیق) و (سێوە).

(تایەر تۆفـیـق) لەبەر ئەوەی بەتەمـەن لە (سـێـوە) بچووکتر بوو، ماوەی پێشکەوتنی زیاتر لەبەردەمدا بوو، جگە لەمـەش، دەنگی بەچریکەتر و پلەی مـۆسـیـقـایی دەنگی بەرزتر بوو. زووتر گەیشتە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا و زۆربەی گۆرانییەکانی ناوچەی کۆیەی قۆستەوە و تۆماری کردن. لەبەر ئەو هۆیانە لە (سێوە) زیاتر ناسرا و پێش ئەم کەوتەوە. ئەمە ئەگەر لایەنە هونەرییەکان باس بکەین، دەنا کاک تایەر لەگەڵ کەسانێکی کـە ئەو دەمە هاوتەمـەنی بوون و کـوردایەتی و نیـشـتـمـان پەروەریان دەکرد، تێکەڵاوییەکی باشی هەبوو(٨) لەم ڕێگایەوە بوو کە (ڕێچکەی) گوتن و بڵاوکردنەوەی گۆرانی نیشتمانی و میللەتپەروەری گرتە بەر و هەتا مردن لەسەری بەردەوام بوو، بەری نەدا. ئەم لایەنانەش یارمـەتی گـەورەی کـاک تایەری دا بۆ دەرکەوتن و دیاربوون(٩).

لە پێش دا (تایەر تۆفیق)و ئەمجا (سێوە)ش ئەم دوو هونەرمـەندە گـەورە و بە توانایە، زۆربەی سـامـانـی فۆلکلۆری، کەلەپووری سەردەمێکی دوور و درێژی کۆیە و دەوروبەریان، لە گۆرانی و لە مەقام و بەستە قۆستەوە و لە گەڵ (تیپی مۆسیقای بەشی کوردی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا)دا، تۆماریان کرد. کاک تایەر کۆمەڵێک مەقام و بەسـتـە و (سـێـوە)ش پێنج مـەقـامـە بەناوبانگەکـەیان تۆمارکرد.

ئەنجامـدانی ئەم ئیشـە لەلایەن ئەو دوو هونەرمـەندەوە



**تایەر تۆفیق**

بەم ئیشە ئەو گۆرانییانە لە فەوتان و لە گۆڕانکاری زیاتر تێداکردن رزگار کران، ئەگەر درەنگتر تۆمار بکرابانایە، لەوانەبوو گۆڕانکاری زیاتریان لەلایەن گۆرانیبێژی دیکەوە تێدا بکرابایە و بەو بارەی دواییان تۆماریان بکردنایە. بە تایبەتی شیعرەکانی مەقامەکان کە زۆر لایەنی ژیانی، دێرینی نەتەوەکەمان ڕوون دەکەنەوە.

**(١) ئەم نووسینەی سەرەوە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە (١١٨)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٨) لە لاپەڕە (١٥١ تا ١٦٠) کە بابەتێکی مامۆستای بەڕێز خاڵە (خالید دلێر)ە، بە ناوی (دوو مەقامی فۆلکلۆری و چەند تێبینییەک) بڵاوکراوەتەوە، ئێمەش ئەوەی بە کەڵکی بابەتەکەی خۆمان واتە (مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کۆیە) هات، لێرانەدا خستمانە ڕوو.**

**(٢) هەندێ کەسی دی لە کۆیە ئەو مەقامە بە ( وەیلێ زاڵم) دەناسن.**

**(٣) مەبەست لە نەوەی پێش خۆیانە.**

**(٤) دیارە ئەمە ئاماژەیە بە ڕۆڵی (ئەمین ئاغای ئەختەر) لەکۆیە.**

**(٥) دیارە مەبەست لە سەدەی بیستەمە.**

**(٦) دیسان مەبەستی سەدەی بیستەمە.**

**(٧) دیارە نووسەری وتارەکە مەبەست لە خاڵە خالید دلێرە.**

**(٨) خاڵە خالید دلێر لەم قسەیەیدا مەبەستی کەسانی وەک: (ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵلا و دڵداری شاعیر و عەونی شاعیر وهی ترن).**

**(٩) خاڵە خالید لەو ڕستەیەی دواییشدا مەبەستی ئەوەیە: بە**

**هۆی ناسین وهەستان و دانیشتنی کاکە تایەر لەگەڵ ئەو زاتانە بوو، وای کرد ئەو جۆرە هۆنراوە نیشتمانپەروەرییانە بڵێت و ئەو ڕێبازەی وا لە مێشک و دڵیدا بچەسپێت، کە تا لە ژیاندا بوو هیچ هێزێک نەبوو، بتوانێت لەو ڕێگایەی لابدات.**

## گۆرانیبێژی گەڵ کاکە (تایەرتۆفیق)

مامۆستا (باکووری) لە بەشی یەکەمی کتێبی (گۆرانیبێژەنەمرەکان)دا، دەربارەی هونەرمەندی پایەبەرزی کورد (تایەرتۆفیق)ەوە، دەنووسێت: ساڵی(١٩٤٥ - ١٩٤٦) لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، ئەو کاتە ناوی تایەر تۆفیقم وەک دەنگخۆشێک بیستبوو، لەگەڵ هاوەڵانی دیکەی: (ئەحمەدی حەمە مەلا، سێوە، حەمەدەمینی کەبابچی، مەلاکۆرە، عومەری مام عەولا، عوسمان عەونی شاعیر، وەستاعەبدەی ئاسنگەر، عوسمانی مام عەولا، مام ساڵحی ڕیخەڵۆک) و زۆرانی تر، هەروەک کاکە تایەر خۆی، لە کتێبی (گوڵی سەربەستی)دا، باسیان دەکات و دەڵێت: من لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە، تا ساڵی (١٩٤٠) لە هەموو باخێک و لە هەموو مزگەوت و ماڵێکدا، لە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر و لە کۆڕ و دانیشتنی تایبەتی خۆم، مەقام و بەستەی کوردیم لەسەر زار بووە، چونکە ئەوسا کۆیە مەڵبەندی ئاواز و گۆرانی کوردی بوو، ئەگەر هیچ بۆنە و موناسەبەیەک نەبوایە گۆرانی تێدا بڵێم، ئەوە لەگەڵ دەستەیەک لە برادەران (١) ڕوومان دەکردە دەم ڕووبارێک، یان باخ و ڕەزەکانی دامێن شار، ئیتر هەر گۆرانی گوتن و شادی و پێکەنین بوو، ئەم خۆشی و ڕابواردنەمان تا ساڵی (١٩٤٢ - ١٩٤٣)ی خایاند، دوایی گرانییەکی کوشندە سەبارەت بە گەرمی (شەڕی دووەمی جیهانی)، کە تووشی وڵات هات، ئەوسا من لە پۆلی سێی ناوەندی کۆیە بووم، بەڵام بەهۆی گرانی و دەسکورتی و هەژاری، دەستم لە خوێندن هەڵگرت.

**(١) مەبەستی کاکە تایەری نەمر لەو برادەرانەیە کە زووتر ناوی هێنان ئەوانەش: (ئەحمەدی حەمە مەلا، سێوە، حەمەدەمینی کەبابچی، مەلاکۆرە، عومەری مام عەولا، عوسمان عەونی شاعیر، وەستا عەبدەی ئاسنگەر، عوسمانی مام عەولا، مام ساڵحی ڕیخەڵۆک) و زۆرانی ترە.**